

# ڕوانگەی رخنەگرانە بەرامبەر بە هەواڵ و زانیاریی لەسەر ئینتێرنێت و ئاسایشی سایبێریی

---

نووسینی: کەماڵ حەسەن پوور

---

ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# ڕوانگەی ڕەخنەگرانە بەرامبەر بە هەواڵ و زانیاریی لەسەر ئینتێرنێت و ئاسایشی سایبێریی

## خوێنەری بەڕێز!

ئەو نامیلکەیە دەقی وتووێژی ژووری تێلێگرامی "بۆ ڕۆژهەڵات" لەگەڵ کەماڵ حەسەنپوور ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرواری ١٦ فێورییەی ٢٠١٨ بەرامبەر بە ١٧ی ڕێبەندانی ٢٧١٧ی کوردییە. ئامانج لە بڵاو کردنەوەی وتووێژەکە بە شێوەی نووسراوە ئەوەیە کە خەڵکێکی زۆرتر لەناوەرۆکی باسەکە ئاگادار و سوودمەند بن.

***١- تکایە ڕوانگەی ڕەخنەگرانە بەرامبەر هەواڵ و زانیاریی لەسەر ئینتێرنێت شی بکەنەوە و بۆمان باس بکەن کە بۆچی گرینگە؟***

پێش وەڵامی پرسیارەکەتان پێویستە ئاماژە بە شتێک بکەم ئەویش ئەوەیە کە لەماوەی ئەو وتووێژەدا من بە ناچار کەڵک لە هەندێک دەستەواژەی ئینگلیزی و ڕەنگبێ سوێدی وەرگرم کە دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو ڕاستییە کە سەرچاوەی زانیاریی من لەو بوارانەدا یا ئینگلیزین یا سوێدی، بەڵام هەوڵ دەدەم تا ئەو جێیەی کە مووەکین دەبێ دەستەواژەکان بە کوردی شی بکەمەوە. لە پەیوەندی لەگەڵ پرسیارەکەتاندا دەبێ ئەوە باس بکەم کە تا پێش ئینتێرنێت سەرچاوەی هەواڵ و زانیاریی: کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ و پاشان تەلەفیزیۆن بوو. هەرچەند ئەو کاتیش مرۆڤ تووشی هەواڵ و بانگەشەی درۆ و ساختە دەبوو بەڵام جیاوازییەکەی لەگەڵ ئینتێرنێت ئەوە بوو کە هەرکام لەو سەرچاوانە لایەنی بڵاوکەرەوەیان ئاشکرا بوو (هەرچەند هەندێک جار شەونامە و نووسراوە بە سەرچاوەی نەناسراو بڵاو دەبۆوە بەڵام ئەوە دەکرێ بڵێین کە لە بەراورد لەگەڵ کۆی هەواڵ و زانیاریی خاوەن لایەنی ناسراو ڕێژەیەکی کەم بووە) و جیاوازییەکی دیکە ئەوە بوو کە بڵاو بوونەوەی زانیارییەکان هێندە بە لێشاو و خێرا نەبوو. دوای تەشەنە کردنی هێڵی ئینتێرنێت بۆ گشت کەلێن و قوژبنی ئەو جیهانە هەم خێرایی بڵاوبوونەوەی هەواڵ و زانیاریی گەلێک لە جاران زیاتر بووە و هەم خۆ شاردنەوە و شانە خاڵی کردن لە ژێر بەرپرسیاریی ئەوەی کە بڵاو دەکرێتەوە زۆر بەربڵاوترە. شتێکی تر کە سەرچاوە نەریتییەکانی هەواڵ و زانیاریی لە هی ئینتێرنێت جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەوان نەگۆڕ بوون بەو مانایە کە

کاتێک کتێبێک دەنووسرا، هەواڵێک لە ڕۆژنامە یا گۆڤارێک دا بڵاو دەبۆوە یا بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی یا ڕادیۆیی بڵاو دەبۆوە، ئەو زانیاریی و هەواڵەی کە لەو کتێبە، گۆڤارە، بەرنامەی تەلەفزیۆن یا ڕادیۆ بەسەری داهاتبایەوە هەر ئەو شتە بوو مەگەر ئەوەی کە پاشان کتێبێک، بابەتێکی گۆڤار، بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی یا ڕادیۆیی بە پێچەوانەی ئەوەی پێشدا دروست کرابا و بڵاو کراباوە . ئێستا لە ئینتێرنێت دا لە هەمان ماڵپەڕ و هەمان لینک شتێک باس دەکرێ بەڵام لەهەمان ئادرەس و هەمان لینک هەڵدەکەوێ کە دوای ماوەیەکی کورت باسی شتێکی بە پێچەوانەی شتی پێشدا کراوە. بڵاو بوونەوەی هەواڵ و زانیاریی لە سەر ئینتێرنێت دینامیزمێکی بەرچاوتری هەیە، مەبەستم ئەوەیە کە زانیاریی و هەواڵ زۆر خێرا دێن، دەگۆڕدرێن و ون دەبن.

وەک دەزانن ئینتێرنێت لە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە ڕایەڵەی بچووکی کامپیوتێران پێکهاتووە کە دەتوانن بەیەکەوە پەیوەندیی بگرن. بە گوێرەی لێکدانەوەیەکی چەند ساڵ لەوەپێشی کۆمپانیای گوگڵ زیاتر لە ٦٠ میلیارد ماڵپەڕ لە ئینتێرنێت دا بوونیان هەیە.

بۆیە چەمکێک هەیە بەناوی Criticism of the source یا källkritik کە کوردییەکەی دەبێتە شتێک بە ناوی ڕوانگەی ڕەخنەگرانە بەرامبەر بە سەرچاوە، کە لە سەرەتادا توێژەرانی مێژوو کەڵکیان لێوەرگرتووە بەو مانایە کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکان بکەی و بەراوردی ڕێژەی جێی مەتمانە بوونیان بکەی. بە بۆچوونی من پێویستە هەر کەس کە کەڵک لە ئینتێرنێت وەردەگرێ ئەوە بزانێ.

## ٢- دەکرێ بۆمان باس بکەی کە چۆن دەتوانین ڕەچاوی ڕوانگەی ڕەخنەگرانە لە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاریی سەر ئینتێرنێت بکەین؟

وەک دەزانن بڵاوکراوەکانی سەر ئینتێرنێت ئەو چوار شێوەیەن. ١. نووسراوە ٢. وێنە ٣. دەنگ ٤. فیلم ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کە هەرکات شتێک لەسەر ئینتێرنێت دەبینین لەخۆمان پرسیار بکەین کە سەرچاوی ئەو هەواڵە یا زانیارییە کێیە؟ ئایا سەرچاوەکەی دامودەزگایەکی دەوڵەتییە؟ ڕێکخراوێکە؟ کۆمپانیایەکە؟ کەسێکی مەدەنییە؟ ئاخۆ ئەو لایەنەی هەواڵەکە یا زانیارییەکەی بڵاو کردۆتەوە پسپۆڕی ئەو بوارەیە؟ ئایا ئەو سەرچاوە جێگای مەتمانەیە؟

پرسیاری تر ئەوانەن کە ئاخۆ مەبەست لەو هەواڵ و زانیارییە چییە؟ ئایا بۆ ئاگادار کردنەوەی بەناو

موخاتەبەکانە؟ ئایا بۆ پێشکەش کردنی بەڵگە لە بارەی شتێکەوەیە؟ ئایا مەبەست ئەوەیە کە لە بوارێکەوە قەناعەتمان پێ بێنێ؟ مەبەست کاریگەریی لەسەر بۆچوونی ئێمەیە؟ ئایا ئامانج فرۆشتنی بەرهەمێکە؟ یا خود مەبەست ڕابواردن و سەرگەرم کردنی ئێمەیە؟

دوای ئەوەی کە ئەو پرسیارانەمان لەخۆمان کرد و وەڵاممان دانەوە ئێستا کاتی ئەوە دێ کە ناوەرۆکی هەواڵ و زانیارییەکە هەڵسەنگێنین:

یەکەم پرسیار کە دەبێ لەخۆمانی بکەین ئەوەیە کە ئاخۆ ئەو هەواڵ و زانیارییە لەگەڵ عەقڵ دێتەوە؟ کام سەرچاوە کەڵکیان لێوەرگیراوە و پەیوەندی ئەو سەرچاوانەوە بەیەکەوە چییە؟ بۆچی باوەڕ بەو هەواڵ و زانیارییە بکەین؟ هۆیەکەی ئەوەیە کە لەگەڵ ڕوانگە و جیهانبینی ئێمە یەک دەگرێتەوە؟ یاخود لەبەر ئەوەیە کە ڕیی تێدەچێ کە ڕاست بێ؟ ئاخۆ ئەو هەواڵ و زانیارییە لە لایەن سەرچاوەی دیکەوە پشتڕاست کراونەوە؟

من وەک خۆم ئەو پرسیارانە وەک بێژنگێک دەبینم کە یارمەتی دەکا کە هەواڵ و زانیاریی سەر ئینتێرنێت هەر وا بەخڕی (وەک هەندێک کەس)، باوەڕ نەکەم. ئەگەر هەموو کەسێک بەو شێوە هەڵسوکەوت بکا ڕێژەی ساختەکاریی کەم دەبێتەوە و ئێمە فریو نادرێین.

بێگومان ئێوە هەواڵی دەستوەردانی ڕوسیا لە ئاکامی دوایین هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئامریکاتان بیستووە. دەڵێن ڕوسیا بە کەڵک وەرگرتن لە هەزاران و بگرە سەدان هەزار حیسابی ساختە لە تویتێر و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دا هەوڵی کارتێکردن لەسەر بۆچوونی دەنگدەرانی ئامریکایی بۆ دەستەبەر کردنی ئاکامی دڵخوازی خۆی داوە. هیچ گومانتان لەوەی دانەبێ کە کاربەدستانی کۆماری سێدارەش بە هەمان شێوە هەوڵ و پارەیەکی بەرچاو بۆ بەلاڕێدا بردن و فریوی کاربەران بە قازانجی سیاسەتەکانی خۆیان بەکار دێنن.

***٣- هەر وەک باستان کرد لە ئینتەرنێت دا بێ پسانەوە هەواڵ و زانیاریی یەکجار زۆر بڵاو دەبێتەوە و دەزانین کە خەڵکێکی زۆر لە ڕێگای کامپیوتێر و مۆبایلی زیرەکەوە کەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک تیلێگرام، ئینستا گرام، فەیسبوک و شتی وا وەردەگرن. بە بۆچوونی ئێوە، کاتێک کە هەواڵێک یا زانیارییەک دەبینین پێش دووبارە بڵاو کردنەوەی چی بکەین؟***

هەر کات لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا شتێک دەبینن ئەگەر نووسراوەیە بیخوێننەوە (هەمووی)، ئەگەر فیلمە چاوی لێبکەن و ئەگەر وێنەیە سەیری بکەن و ئەگەر فایلی دەنگە گوێی لێڕاگرن. پێشدا بیر بکەنەوە کە کێ لە پشت ئەو بابەتەیە؟ ئایا هیچ بەڵگەیەک بۆ پشتڕاستکردنەوەی بابەتەکە هەیە؟ کاریگەریی ئەو بابەتە لەسەر خوێنەر، بینەر یا بیسەری بابەتەکە چییە؟

دوای وەڵامدانەوە بەو پرسیارە هەوڵ بدەن لە سەرچاوەی دیکە بگەڕێن بۆ وێنە لە گوگل بۆ ئەوەی کە بزانن ئاخۆ ئەو هەواڵە یا زانیارییە پشتڕاست دەکرێتەوە؟

پاشان بیر بکەنەوە کە ئەو بابەتەی کە دەتانهەوێ دووبارە بڵاوی بکەنەوە پشتیوانی لە کام ڕوانگە و بۆچوون و جیهانبینییە دەکا. دەتانهەوێ هەڤاڵەکانتان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئێوە لەگەڵ ئەو ڕوانگە و جیهانبینییە پەیوەند بدەن؟

ئەگەر پێتانوایە بابەتەکە درۆ نییە و وەڵامی ئەو پرسیارانە لەگەڵ هەڵوێست و جیهانبینی و کەسایەتیی ئێوە ناتەباییان نییە، ئەوکات دەتوانن بابەتەکە بڵاو بکەنەوە.

### ٤- تەوەری دووهەمی چاوپێکەتنەکەمان لە بارەی ئاسایشی سایبێرییە، تکایە بۆمان شی بکەوە کە مەبەستتان چییە؟

پێشەکی پێویستە بڵێم کە ئەو مەقولەیە زۆر بەربڵاوە و بابەتی ڕشتەی زانکۆیە و بە سەدان کتێب و وتاری لەسەر نووسراوە. ئەوەی من (لێرە لەبەر ئەو ماوە سنووردارەی کە ئێمە ئەمڕۆ هەمانە) ئاماژەی پێدەکەم تەنیا شتە سەرەتاییەکانن بۆ ئاشنا بوونی گوێگرانی ئەو وتووێژە بە هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئاسایشی سایبێریی کە ئەویش دوو بەشە: بەشێکیان باس لە چۆنیەتی ڕەچاو کردنی هەندێک ڕێنمایی بۆ پاراستنی ئاسایشی سایبێریی لە کاتێکدا کە کەڵک لە کامپیوتێر وەردەگرین دەکەن و بەشەکەی تر پەیوەندی بە موبایلەوە هەیە.

پێش ئەوەی کە بچمە سەر باسی کامپیوتێر پێمخۆشە باسی مانای وشەی سایبێر بکەم کە ئێستا زۆر دەیبینین و دەیبیستین. باسی ئاسایشی سایبێری، هێرشی سایبێری، ئەرتەشی سایبێری، دیفاعی سایبێریی و شەڕی سایبێریی و زۆر شتی تر دەکرێ کە تێیدا وشەی سایبێر کەڵکی لێوەردەگیرێ. وشەی Cyber بە کولتور و ئەو

شتانەی کە پەیوەندییان بە کامپیوتێر، ڕایەڵەی کامپیوتێری و *تەکنۆلۆژیای زانیاریی واتە Information technology* یەوە هەیە.

ئاسایشی سایبێری ئێمە لە کاتی کەڵکوەرگرتن لە کامپیوتێر دەتوانێ بە چەند هۆ بکەوێتە مەترسییەوە. ئاساییترینی هۆیەکان ئەمانەن: *ڤایروس (Virus)*، *ترۆیان (Trojan)*، *پرۆگرامی زیانبەخش (Malware)* *فیشینگ (Phishing)*، *سپیر فیشینگ (Spear Phishing)* و *پرۆگرامی ئەستاندنی باجی سمێڵ (Ransomware)*. پێشدا هەرکام لەوانە شی دەکەمەوە پاشان دەچینە سەر شێوەی پارێزگاریی لە ئاسایشی سایبێریی خۆمان.

***ڤایروس (Virus):*** ڤایروس شتێکە کە زۆر دەمێکە لە پەیوەندیی لەگەڵ گیروگرفتی کامپیوتێردا باسی لێوەدەکرێ وەک ڤایروسی نەخۆشیی کە بەشێکی لەش ئالودە دەکا ڤایروسی کامپیوتێریش خۆی بە بەرنامەیەکی کامپیوتێری هەڵدەواسێ و ئامانجەکەی دزینی زانیاریی، بەدەستەوەگرتنی کۆنترۆڵی کامپیوتێر، پاک کردنەوەی فایل لەسەر هاردەکەی، یا دزینی توانایی پرۆسێسسۆرە بۆ مەبەستی خاوەنی ڤایروسەکە. ڤایروس کۆدی زیانبەخشی کامپیوتێرییە کە کەسێک نووسیویەتی. ئەوەی ڕاستیی بێ ئێستا ڤایروس کەمتر بوونەوە بەڵام لەجیاتان ترۆیان و ماڵوێر و شتی تر کە پێشدا ئاماژەم پێکردن زیادیان کردووە.

***ترۆیان (Trojan):*** ترۆیان ناوەکەی لە ئەسپی ترۆیا کە لە ئەفسانەیەکی یونانی دا باسی دەکرێ وەرگیراوە چونکە وەک ئەسپی ترۆیا ناوەرۆکە زیانبەخشەکەی شاراوەیە. ترۆیانەکان لە پرۆگرام و فایلی تردا خۆیان حەشار داوە. بە پێچەوانەی ڤایروس کە پرۆگرامێکی ناو کامپیوتێرەکە گیرۆدە دەکەن، ترۆیانەکان بۆخۆیان پرۆگرامن و بە شێوەی سەربەخۆ لەناو کامپیوتێردا کار دەکەن. ترۆیان بۆ گوێهەڵخستن لە بۆ وێنە تەختەکلیل (کیبۆرد) کەڵکی لێوەردەگیرێ تا وشەی نهێنی (رمز عبور)، ژمارە حیساب یا زانیاریی تری هەستیار بۆ ئەو کەسە یا لایەنەی کە ترۆیانەکەی دروست کردووە بنێرێ. ترۆیان هەروەها بۆ بەدەستەوە گرتنی کۆنترۆڵی کامپیوتێری گیرۆدە کەڵکی لێوەردەگیرێ. کامپیوتێری گیرۆدەی ترۆیان دەتوانێ لەگەڵ کامپیوتێری تری گیرۆدەبوو لە لایەن بۆتنێت واتە ڕایەڵەی رۆبۆتیی کەڵکی لێوەرگیرێ تا لەوێڕا سپام و ئیمەیلی نەخوازراو بەڕێ بکرێ.

***پرۆگرامی زیانبەخش (Malware):*** جۆرێک بەرنامەی بچووکی سەربەخۆیە کە پێویست ناکا بۆ کار کردن پرۆگرامێک یا کامپیوتێرەکە گیرۆدە بکا. ماڵوێر دەتوانێ لە کامپیوتێرێکەوە بۆ یەکیتر خۆی کۆپی بکا و بڵاو

بێتەوە.

شێوەی بڵاوبوونەوی ئەوان دەتوانێ بەو شێوە بێ کە لەسەر ڕایەڵەیەک خۆی کۆپی بکا، یا لە ڕێگای یو ئێس بی (USB)لە کامپیوتێرێکەوە بۆ کامپیوتێرێکی تر دەگوازرێتەوە یا هەندێکیان لەو کامپیوتێرەی کە کۆنترۆڵەکەیان بەدەستەوە گرتووە ئی مەیل بە هاوپێچی فایلی کۆدی زیانبەخش بۆ خەڵکی تر دەنێرن. کارکردی ماڵوێریش وەک ترۆیانەکان وایە، واتە زەرەرگەیاندن و خۆ تەکسیر کردنەوە.

***هێرشی فیشینگ و هەروەها سپیرفیشینگ (Phishing, Spear phishing)***: ئەغڵەب بە پەیامێک دەست پێدەکا کە لەوانەیە لە ئی مەیلێک یا پاپ ئاپێک (Popup)، کاتێک کە لە ماڵپەڕێک کلیک، واتە چرکە، لەسەر شتێک دەکەی کە دەبێتە هۆی کرانەوەی لاپەڕەیەکی تر، و دەیهەوێ قەناعەتت پێبێنی کە: لە سەر لینکێک چرکە بکەی، فایلێک بکەیەوە، پرۆگرامێک دامەزرێنی یاخود وشەی نهێنییەکەت لە ماڵپەڕێکی کە وێدەچێ ئەسڵ بێ بنووسی. ئامانجی ئەو کەسانەی کە لە پشت هێرشی فیشینگن ئەوەیە: دزینی زانیاریی هەستیار، کۆنترۆڵ کردنی کامپیوتێرەکەت.

***پرۆگرامی ئەستاندنی باجی سمێڵ (Ransomware)***: ئەگەر کامپیوتێرەکەت گیرۆدە بکا گشت فایلی ناو کامپیوتێرەکەت قفڵ دەکا (ڕەمزگوزاری دەکا) کە تۆ نەتوانی کەڵکیان لێوەرگری و پێت ڕادەگەیەنێ کە بۆ کردنەوەی فایلەکان دەبێ پارەیەکی دیارییکراو وەک باجی سمێڵ بدەی. تۆ هیچ ڕێگا چارەیەکت نییە یا دەبێ ئەو پارەیە بدەی یاخود هاردی کامپیوتێرەکەت پاک بکەیەوە و بەرنامەکان لەسەر ڕا دامەزرێنییەوە، یەعنی هەرچی لەسەر کامپیوتێرت هەبووە لەناو دەچێ.

### ٥- چۆن خۆمان لە گیرۆدە بوون بەو ڤایروس و پرۆگرامە زیانبەخشانە بپارێزین؟

ئێمە وەک بەکارهێنەر دەتوانین زۆر شت بکەین بۆ ئەوەی کە گیرۆدەی ئەم پەتایانە نەبین. هەنگاوی یەکەم کەڵکوەرگرتن لە بەرنامەی *دژە ڤایروسە (Antivirus)*، ئەوانەی کە کەڵک لە ویندۆوز وەردەگرن دەتوانن بەرنامەی *ویندۆوز دیفێنێدێر(Windows Defender)* ئەکتیڤ بکەن واتە کارای بکەن، پرۆگرامی دژە ڤایروسی بەخۆڕاییش هەن کە یەکێک لەو پرۆگرامە باشانە پرۆگرامێکە بە ناوی **Avasat** کە دەتوانن لەو ماڵپەڕە ڕا دایبەزێنن و دایمەزرێنن ***https://www.avast.com/index***، دووهەم ئەکتیڤ کردنی *دیواری*

*ئاگرە* (*Firewall*) کە لە ویندۆوز دا هەیە و پێویست بە بەرنامەی جیاواز ناکا. سێهەم بەڕۆژ کردنی ویندۆوز و ئەو پرۆگرامانەیە کە دامان مەزراندون. هەم ویندۆوز و تەنانەت بەرنامەی تریش وەک *ئاکرۆبات ریدێر* (*Acrobat Reader*) کە بۆ کردنەوەی فایلی *پی دی ئێف و فلاش پلەیەر* (*Flash Player*) کە بۆ چاولێکردن لە فیلم و ڤیدیۆ کەڵکی لێوەردەگیرێ هەندێک چاڵی ئەمنییەتییان هەن کە ئەوانەی کە ڤایرۆس و بەرنامەی زیانبەخش دروست دەکەن لەو چاڵە ئەمنییەتییانە بۆ زەفەر بردن بە سیستەمی کامپیوتێر کەڵک وەردەگرن. من وەک خۆم دەمێکە بەرنامەی فلاش پلەیەرم لابردووە چونکە چاڵی ئەمنییەتی هەیە و دەکرێ بۆ ناردنی بەرنامەی زیانبەخش بۆ دزینی زانیاریی سەر کامپیوتێرەکەت یا بەدەستەوە گرتنی کۆنترۆڵی کامپیوتێرەکەت کەڵکی لێوەرگیرێت. هەر چەند وەخت جارێک مایکرۆسۆفت یا کۆمپانیای ئەدۆبی و هەروەها کۆمپانیاکانی تر کە پرۆگرام دروست دەکەن لە ڕێگای *security patch* و بەرنامەی تر هەوڵ دەدەن ئەو چاڵە ئەمنییەتییانە پڕ بکەنەوە بۆیە وا باشە ئێمە لە دامەزراندنی ئەو بەڕۆژکردنەوانە غافڵ نەبین.

هەوڵ بدەین تا ئەو جێیەی بۆمان دەکرێ خۆ لە دامەزراندنی پرۆگرامێک کە خاوەنەکەی نەناسراوە ببوێرین، کاتێک لە سەر ئینتێرنێت لاپەڕەیەک دەردەکەوێ و دەڵێ کامپیوتێرەکەت خێراییەکەی کەم بۆتەوە بۆیە ئەو پرۆگرامە دامەزرێنە تا موشکیلەکەت جێبەجێ بێ هەرگیز قبووڵی مەکەن.

ئەگەر ئیمەیلێکتان بۆ هات لە لایەن کەسێکی نەناسراوەوە، ئیمەیلەکە مەکەنەوە. جاری وا هەیە ئی مەیل لە لایەن دۆستان و کەسانی ناسراویشەوە دێت کە لەوانەیە کامپیوتێرەکەیان گیرۆدە بووبێ. هەرکات ئیمەیلتان بۆ هات کە فایلی هاوپێچی لەگەڵ بوو، پێش کردنەوە فایلە هاوپێچەکە دڵنیا بن کە شتێکی خراپ نییە. یەکێک لە یاساکانی خۆپارێزیی ئەوەیە کە ئەگەر ئی مەیل و فایلی هاوپێچی نەناسیاو هاتن بۆتان ڤەت مەیکەنەوە. ئەگەر لە فایلێکی هاوپێچ کە داکیومێنتە (وۆرد، ئێکسێل یا پیدی ئێف) بەگومانن، دەتوانن فایلەکە بۆ *گوگڵ درایو* (*Google Drive*) یا ئەو ئامرازانەی کە داکیومێنت دەخوێننەوە ئاپلۆد بکەن و لەوێرا بیانخوێننەوە. ئەوان فایلەکە دەکەنە وێنە یا *ئێچ تی ئێم ئێل* (*html*) و بەو شێوەیە پێش بە کۆدی زیانبەخش دەگیرێت.

هەمیشە لە کلیک کردن واتە چرکە کردن لەسەر لینکی ناو ئیمەیل و پەیام خۆ ببوێرن. یەکێک لە فێڵە ناسراوەکانی ساختە چییان ئەوەیە کە لینکێکت بۆ دەنێرن بە ناوێکی هەڵخەڵەتێنەر یا بە مانشێتی درۆ تەنیا بۆ ئەوەی کە تۆ فریو بخۆی و لەسەر لینکەکە چرکە بکەی.

ئەوانە چەند هەنگاو بوون بۆ خۆپاراستن لە گیرۆدە بوون بە ڤایرۆس و پرۆگرامی زیانبەخش بەڵام ئەوە تەنیا

بەشێکە لە پارێزگاریی لە ئاسایشی سایبێری خۆمان. بەشەکەی تر ئەوەیە کە ئاسایشی خۆمان لە کاتی کەڵکوەرگرتن لە ئینتێرنێت بپارێزین. یەکێک لە کارەکان ئەوەیە کە پاسوۆردەکانمان واتە وشەی نهێنی یا رمز عبور بە فارسی زوو زوو بگۆڕین. لە کاتی هەڵبژاردنی پاسوۆرد کەڵک لە پیتی گەورە و بچووک، ژمارە و پیتی وەک عەلامەتی پرسیار یا تەعەججوب و شتی وا وەرگرین. قەت پاسوۆردەکەت لە شوێنێک مەنووسە. دەبێ هەوڵ بدەین هەمیشە کەڵک لە ***https*** *واتە* ***secure http*** وەرگرین کە ڕێژەی ئەمنییەتییەکەی لە سەرترە. بۆ دامەزراندنی پرۆگرامی **everywhere** **https** *بۆ فایرفاکس* **(Firefox)** و *گوگڵ کرۆم* **(Goggle Chrome)** و هەروەها موبایلی ئاندرۆئید دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی خوارەوە بکەن:

https://www.eff.org/https-everywhere

ئەوانەی لەناوخۆی وڵاتن دەتوانن کەڵک لە **VPN** وەرگرن کە دەبێتە هۆی شاردنەوەی ناسنامەکەیان واتە بە نەناسراوی بمێننەوە. ئەگەرچی ئەوە دەبێتە هۆی دابەزینی خێرایی ئینتێرنێتەکەیان کە ڕەنگبێ بۆ ئێران کە خێراییەکەی وەک هی کیسەڵە شتێکی خۆش نەبێ بەڵام دەبێتە هۆی چوونە سەری ئاسایشی سایبێریی. شتێکی تر کە دەکرێ کەڵکی لێوەرگیرێ پرۆگرامێکە بە ناوی تور کە ئەویش بۆ شاردنەوەی ناسنامەی بەکارهێنەرەکەی واتە بە نەناسیاوی دەچییە ناو ئینتێرنێت بۆ دەبەزاندنی پرۆگرامی ناوبراو دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی ژێرەوە بکەن:

https://www.torproject.org/download/download-easy.html.en

بۆ چوونە ژووری ئی مەیل و لاپەڕەکانی سۆشیال مێدیا وەک فەیسبوک دەتوانن کەڵک لە خۆناساندنی جووت فاکتۆری یا **two factor authentication** وەرگرن کە دەتوانێ یەکیان پاسوۆرد بێ و ئەوەی تر پین کۆد واتە ڕەقەمێک بێ کە گوگڵ یا فەیسبوک بۆ موبایلەکەتی دەنێرێ. کەڵکوەرگرتن لە خۆناساندنی جووت فاکتۆری ئەو کەمایەسییەی هەیە کە ئەگەر پین کۆدەکە بە هەڵە بنووسی یا تەلەفۆنەکەت لێ ون بێ یا ژمارەکەت گۆڕبێ بێ ئەوەی کە لە لای گوگڵ و فەیسبوک ئاڵوگۆڕت پێک نەهێنابێ، لەوانەیە خزمەت گوزارییەکەت لێ قەپات بکرێ. ئەوانی کە لە ناوخۆی وڵات دەژین کەڵک لە کورتە پەیام (**SMS**) وەرمەگرن چونکە ناوەندە ئەمنییەتییەکان دەتوانن کەڵکی خراپی لێوەرگرن.

ئەوانەی کە لە ماڵێ کەڵک لە ئینتێرنێتی بێتەل (**WiFi**) وەردەگرن، واتە راوتێر (**Router**) و مۆدێمەکەیان (**Modem**) وا میزان کردووە کە بتوانن کامپیوتێر و مۆبایل بە شێوەی بێتەل (**WiFi**) وەسڵ بکەن دەبێ دڵنیا

بن کە وشەی نهێنی دابنێن و کەڵک لە ئێنکریپشێنی **WPA2** وەرگرن نەوەک **WEP** یا **WPA** کە ڕێژەی ئەمنییەتەکەیان کەمترە.

لێرەدا پێمخۆشە کەوانەیەک بکەمەوە و کەمێک باسی وەزعی هاووڵاتیانمان لە ناوخۆ و مەترسییەکانی سەر ئەوان بەهۆی سیاسەتی دژی گەلی کۆماری سێدارە بۆ چاوترسێن کردن و کۆنترۆڵی خەڵک لە سەر ئینتێرنێت بکەم. هەروەک دەزانین خێرایی ئینتێرنێت لە ئێران زۆر لە خوارەوەیە، چەند شەو لەوەپێش چاوم لە سایتێک کرد کە خێرایی دابەزاندنی مۆبایل و ئینتێرنێتی جێگیر (ثابت) لە وڵاتانی جیهان نیشان دەدا. بە پێی تازەترین ئامار ئێران لە دابەزاندن بە موبایل ژمارە ٦٧ لە ناو ١٢٥ وڵاتە و خێرایی دابەزاندن بە ئینتێرنێتی جێگیر ژمارە ١٠٨ لە ناو ١٢٨ وڵاتدایە. لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەت بە ئارەزووی خۆی خێرایی ئینتێرنێت کەم دەکاتەوە تا سەرەڕای هەموو بەربەستێتر پێش بە دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە ئینتێرنێت بگرێ. شتێکی تر کە گەلێک مەترسیدارە ئەوەیە کە دامودەزگا ئەمنییەتییەکان دەسەڵاتی تەواویان بە سەر کۆمپانیای پێشکەشکاری خزمەتگوزاریی ئینتێرنێت دا هەیە.

سەرەڕای ڕەچاوکردنی سیاسەتی فیلتێرکردن، دامودەزگا ئەمنییەتییەکان لانی کەم لە ٢٠١٢ ەوە هەوڵی دزینی پاسوۆرد و دامەزراندنی پرۆگرامی زیانبەخش لە ڕێگای فیشینگ و سپیرفیشینگ یان داوە. ئەوان هەوڵەکانیان دوای جووڵانەوەی سەوز لە ١٣٨٨ بۆ سەر چالاکانی مەدەنی و دژبەرانی ڕێژیم چڕ کردۆتەوە و لەو ماوەیە دا ئەو پرۆگرامانە شناسایی کراون کە بۆ ئەو هێرشانە کەڵکیان لێوەرگیراوە: ***فلایینگ کیتن*** ، ***(Flying Kitten)*** ***ڕۆکێت کیتن (Rocket Kitten)*** ، ***ئای کیتن (iKitten)*** بۆ کامپیوتێری ***مەک (Mac)*** و هەروەها بەرنامەیەکی تر بەناوی ***ئینفای (Infy)*** ئەوان کەڵک لە پرۆگرامی ساختەی تێلێگرام بۆ ئاشکراکردنی بەکارهێنەران، دزینی زانیاریی و سیخوڕیی کردن لەسەریان کەڵکوەردەگرن. ئەم ماڵپەڕانە بۆ ئەو مەبەستە کەڵکیان لێوەرگیراوە:

**5server.us, 6server.us, ghalpaq.us, pashmool.com. kashkoolak.com**

هەوڵەکانی ڕێژیمی سێدارە بۆ دزینی زانیاریی و سیخوڕی کردن تەنیا کاربەرانی ئێرانییان نەگرتۆتەوە، بەڵکو ڕۆژنامەوانی بیانی، سیاسەتوان، کاربەدەستانی سەربازیی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و هەروەها ئاکادێمیسیەنی بیانی کە توێژینەوە لەسەر ئێران دەکەن. ئەوە جگە لە دژبەرانی سیاسی لەدەرووەی وڵاتە.

ئەوان لەڕێگای ناردنی ئی مەیلی بە فایلی هاوپێچ کە پرۆگرامی زیانبەخشە کامپیوتێری بەکارهێنەران گیرۆدە دەکەن. یا لە ڕیگای فایلی ئالودە و هەروەها ماڵپەڕی ساختە بە ناوی گوگل، ئەدۆبی، بی‌بی‌سی و یاهو بۆ فریودانی کاربەرانە تا وابزانن ئەوان لەگەڵ ماڵپەڕی کۆمپانیایەکی بەناوبانگ تەڕەفن بەڵام لەڕاستییدا ئەوان ئامرازی دەزگا ئەمنییەتییەکانی ئێرانن بۆ دزینی پاسوۆرد و دامەزراندنی پرۆگرامی سیخوڕیی.

لە کۆتایی ئەو نووسراوەیە چەند وێنە دەبینن کە شێوازە جیاوازەکانی کەڵک لێوەرگیراو بۆ گیرۆدە کردنی کامپیوتێری بەکار هێنەران لە لایەن دامودەزگا سیخوڕییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی کەڵکی لێوەرگیراوە.

جگە لەوە چەند وێنە لەبارەی ڕێژە و بەربڵاویی گیرۆدەکردنی کومپیوتێران بە پرۆگرامی زیانبەخشت ئینفای دەبینن.

### ٦. ئەدی لە کاتی بەکار هێنانی مۆبایلی زیرەک چی بکەین بۆ ئەوەی کە ئاسایشی سایبێری خۆمان بپارێزین؟

ئاسایشی سایبێریی لە کاتی بەکار هێنانی مۆبایلی زیرەک گەلێک گرینگە چونکە ئێستا زۆر کەس بۆ پەیوەندیی بە ئینتێرنێت و ئەوەی کە پێی دەگوترێ سۆشیال مێدیا لە مۆبایلی زیرەک کەڵک وەردەگرن. بە تایبەتی خەڵکی ناوخۆی وڵات دەبێ بۆ پاراستنی ئاسایشی سایبێریی خۆیان وریا بن.


بۆ پاراستنی مۆبایلەکانمان لە گیرۆدە بوون بە پرۆگرامی زیانبەخش ئەوشتانە گرینگن: هەمیشە بۆ دامەزراندنی پرۆگرام کەڵک لە گوگڵ پلەی (Googl Play) و ئەپستۆر (App Store) وەرگرن. زۆربەی مۆبایلەکان سیستەمی ئۆپێراسیۆنەکەیان (Operating System) یا ئاندرۆئیدە (Android) یا ئای ئۆ ئێس (IOS) واتە دروستکراوی کۆمپانیای ئەپڵ کە بە ئایفۆن ناسراون. ئەپلیکەیشنەکانی ئەپستۆر لێکۆڵینەوەی زیاتریان لەسەر دەکرێ پێش ئەوەی کە ئیزنیان پێبدرێ بێنە ئەپستۆر. گوگڵ پلەی ئەو کۆنترۆڵە چڕوپڕەی نییە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئایفۆن گیرۆدەی پرۆگرامی سیخوڕیی و زیانبەخش نابن. هەرگیز پرۆگرامێک کە سەرچاوەکەی نادیارە دامەمەزرێنن. یەکێک لە تاکتیکەکانی ڕێژیمی سەرکوتکەری ئێران ئەوەیە کە فایلی هاوپێچ و لینک دەنێرێ بۆ کاربەرەکان کە بە کلیک کردن لەسەریان مۆبایلەکان گیرۆدە دەبن. ئەگەر پەیامتان بۆهات کە بۆ وێنە ٩٠ گیگابایت ترافیکی بەخۆڕاییتان بۆ تەرخان کراوە و بۆ ئەومەبەستە دەبێ لەسەر لینکێک کلیک بکەن دڵنیابن کە ئەوە درۆیە.

جگە لەوانە ئەو هەنگاوانەش پێویستن: حەتمەن پینکۆد واتە ژمارەی کردنەوە بۆ مۆبایلەکەتان دانێن، زایاریی هەستیار لەسەر مۆبایلەکەتان پاشەکەوت مەکەن، بلوتوث بکوژێننەوە و تەنیا لە کاتی پێویست دا کەڵکی لێوەرگرن، کەڵک لە پرۆگرامی ناوخۆ وەک بیسفون و سروش و پرۆگرامی ناردنی ئیمەیلی ناوخۆیی و شتی وا وەرمەگرن. کەڵک لە سیگنال، تێلێگرام و واتسئاپ وەرگرن کە پەیوەندییەکان لە تۆ ڕا بۆ لایەنی بەرامبەرت و بە پێچەوانەوە ڕەمز گوزاریی دەکەن. ئەو پرۆگرامانەش تەنیا لە گوگڵ پلەی و ئەپستۆر ڕا دامەزرێنن. VPN بەکار بێنن. هەر وەک لە بەشی کامپیوتێر دا باسم کرد لە موبایلیش لە کاتی کەڵک وەرگرتن لە ئینتێرنێت کەڵک لە HTTPS وەرگرن.

خۆ لە وەسڵ بوون بە ڕایەڵەی بێ تەلی(WiFI net) نەناسیاو ببوێرن واتە نێتی وایفای کە لە ئەمنییەتەکەی دڵنیا نین.

لە بیرتان بێ کە شیرکەتی تەلەفۆن هەروەخت بیهەوێ بە کەڵک وەرگرتن لە ژمارە موبایلەکەتان دەتوانێ بزانێ ئێوە یا لانی کەم موبایلەکەتان لەکوێیە. جگەلەوە ئەکتیوکردنی جی پی ئێس (GPS) و کەڵک وەرگرتن لە بەرنامەی وەک گوگڵ مەپس (Google Maps) دەبێتە هۆی ئاشکرا بوونی شوێنی ئێوە. تا ئەو جێیەی بۆتان دەکرێ خۆ لە کەڵک وەرگرتن لە شوێنی پاشە کەوتکردنی سەر ئینتێرنێت واتە ئەوەی کە بە کلاود (Cloud)ناسراوە ببوێرن بە تایبەتی بۆ شتی شەخسی چونکە ئێوە نازانن ئەوەی پاشەکەوتی دەکەن دەکەوێتە بەر دەست کێ.

***شێوازە جیاوازەکانی گیرۆدەکردنی کامپیوتێری کاربەران بە بەرنامەی سیخوڕیی لە لایەن دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی:***


---------- Forwarded message ----------
From: **CIA Secure Program!** <security@cia.gov>
Date: 17 November 2013 07:52
Subject: Hi dear, Iranian people can contact us with secure CIA Program.
To: aminsabeti@gmail.com

CIA Chat is a program for you to report threats in a secure manner to the US Central Intelligence Agency.

The most important threats we're looking for, are those related to national security and any type of information which can lead us to terrorist groups.

Your patriotic acts would be rewarded too. We pay money as reward to those who share useful information with us.

Although those of you seeking to work with the leading intelligence agency in the world, this program is a way for anonymous and secure connection to us.

**CIA_Chat.exe**
244K View Download

شێوەی گیرۆدە کردنی کامپیوتێر بە پرۆگرامی زیانبەخشی نینفای




شێوی گیرۆدە کردنی کامپیوتێر بە پرۆگرامی زیانبەخشی ئینفای

Hello

I am Peter Bouckaert, Emergency director at Human Rights Watch, focusing on protecting the rights of civilians during armed conflict. Our group has huge field research & fact-finding missions to Iran, Lebanon, Kosovo, Chechnya, Afghanistan, Iraq, Israel and the Occupied Palestinian Territories, Macedonia, Indonesia, Uganda, and Sierra Leone, among others.

**You can read my biography at below link:**

https://www.hrw.org/about/people/peter-bouckaert

Please read our last research about **"Iran Sending Thousands of Afghans to Fight in Syria"** & contact me immediately.

**You can read this article at below link:**

https://www.hrw.org/news/2016/01/29/iran-sending-thousands-afghans-fight-syria

Peter Bouckaert

شێوی گیرۆدە کردنی کامپیوتێر بە پرۆگرامی زیانبەخشی ئینفای

---------- Forwarded message ----------
From: **U.S. Citizenship and Immigration Services** <SCOPSSCATA@dhs.gov>
Date: Wed, Mar 9, 2016 at 12:06 PM
Subject: Alert: Permanent Residence Card

U.S. Citizenship and Immigration Services

**You received this Email because you do not have a Permanent Residence, your Permanent Residence status needs to be adjusted or you need to renew/replace your Permanent Residence Card.**

**Starting March 9, 2016, customers must fill Form I-485** *(can be found at the end of this email)*, **in order to Register Permanent Residence or Adjust Status, and must fill Form I-90** *(can be found at the end of this email)* **in order to Renew/Replace Permanent Residence Card and mail their Form I-485 or I-90 to USCIS local field/International offices.** *(Offices can be found here: https://www.uscis.gov/about-us/find-uscis-office)*

**USCIS will provide a 30 day grace period from March 9, 2016, for customers who file their Form I-485 or I-90 with one of the USCIS offices. All offices who receive Form I-485 and I-90 during this time will forward the forms to the Chicago Lockbox.**

**After April 9, 2016, local field/International offices will return all Form I-485 and I-90 they receive and advise customers to file at the Chicago Lockbox.**

**Download Form I-485, Application to Register Permanent Residence or Adjust Status: https://www.uscis.gov/sites/default/files/files/form/i-485.doc**

**Download Form I-90, Application to Replace Permanent Resident Card: https://www.uscis.gov/sites/default/files/files/form/i-90.doc**

*Contact us: https://www.uscis.gov/about-us/contact-us*

*With Best Regards,*

شێوی گیرۆدە کردنی کامپیوتیر بە پرۆگرامی زیانبەخشی ئینفای

From: **Mail-Secure-Team** <team.mail.secure@gmail.com>
Date: Mon, Sep 22, 2014 at 1:27 PM
Subject: Important Alert: Confirm your Google Account

Google

Hi,
Some suspicious activities have been reported on this Google Account (***************@gmail.com).
Your Account will be suspended in near future. To get back into your account click on the box below and confirm your account.

Confirm Your Account

**Notice:** If you do not confirm your account, you will not be able to access your Google Account anymore.

Sincerely,
The Google Accounts team

This email can't receive replies. For more information, visit the Google Accounts Help Center.

You received this mandatory email service announcement to update you about important changes to your Google product or account.
© 2014 Google Inc., 1600 Amphitheater Parkway, Mountain View, CA 94043, USA

شێوی گیرۆدە کردنی کامپیوتیر بە پرۆگرامی زیانبەخشی ئینفای





شێوی گیرۆده کردنی کامپیوتێر به پرۆگرامی زیانبەخشی نینفای





شێوی گیرۆده کردنی کامپیوتێر به پرۆگرامی زیانبەخش








شێوەی گیرۆدە کردن بە پرۆگرامی سیخوڕی

چەند وێنەیەک لە بارەی ڕێژە و بەربڵاویی پرۆگرامی سیخوڕیی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی:






**سەرچاوەکان:**

https://www.iis.se
https://iranthreats.github.io
https://ssd.eff.org

**ڕێکەوتی: ڕێبەندانی ٢٧١٧ی کوردی - فێبریوێری ٢٠١٨ی زایینی**